# گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسیی لە تورکیا (١٩٨٣-٢٠٠٧)

هێرش عبدالله حمەکریم[١] - شەیما سەعید حمەلاو[٢]

[١+٢] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا پرسێکی قوڵ و زیندوی جیهانی ئیسلامی و جیهانی ڕۆژئاوایە. لەم توێژینەوەدا گەڕاوینەتەوە بۆ سەردەمی ئۆزاڵ کە تیایدا ئیسلامی سیاسی هاتە مەیدانی سیاسەت و دەسەڵات. پاشان لە نەوەدەکانی هەمان سەدە، ئیسلامی سیاسی چوە جەنگێکی سیاسی و یاسای و پەرلەمانی لەگەڵ دەوڵەت و سوپا. هەرچەندە لەو جەنگەدا سەرکەوتو نەبو، بەڵام توانی ببێتە ئەزمونێک و سودی لێوەربگرێت لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک و جارێکی ترو بە بەرنامەو پارت و سەرکردەی نوێوە بێتەوە ناو مەیدانی ڕکەبەری و خۆی بسەلمێنێت لەناو مێژوی هاوچەرخی تورکیادا. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستە، ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی قۆناغ بە قۆناغ لە تورکیادا خەملیوەو هەر قۆناغەو پەندێکی لە مێژو وەرگرتوە. هەروەها توانیویەتی بەڕێگەی دیموکراسی و عەلمانیەتی تورکیدا گوزەربکات و بەکاریانبهێنێت تا بگات بە لوتکەی دەسەڵات. لە بەرامبەریشدا ڕەوتی عەلمانی هەرچەندە لە ململانێدا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی شکستی هێناوە، بەڵام هێشتا سێبەری ڕێبازی کەمالی و سیستەمی عەلمانی بەسەر تورکیاوە ماوە، کە دەتوانێت بەردەوام لە ململانێدا بێت لە پێناو مانەوەی تورکیا لەسەر ئەو بنەمایەی کە لەسەری دروست بوە.

**کلیلە وشەکان:** ئیسلامی سیاسی، عەلمانی، ئۆزال، ئەربەکان، ئەردۆغان.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4
**Received:** 18-January-2022
**Accepted:** 15-March-2022
**Published:** 29-December-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
hersh.hamakarim@univsul.edu.iq
shymasaed@yahoo.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی سیاسیی لە تورکیا هەنگاوبەهەنگاو بە چەند قۆناغێک تێپەڕیکرد، گرنگترینیان ماوەی ١٩٨٣-٢٠٠٧ بو، کە تێیدا کەسایەتییەکانی وەک ئۆزاڵ و ئەربەکان و دواجار ئەردۆغان، ڕۆڵی کاراو یەکلاکەرەوەیان بینی لەگەشەسەندن و بەردەوامی و سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسیی. ئۆزاڵ بۆ دەرگاداخستن بەڕوی بیری نەتەوایەتی توندڕەو و چەپگەری شۆڕشگێڕی، کە تورکیای کەفتەکار کردبو لە شەستەکان و حەفتاکان، هات و دەرگای بۆ موسڵمانان خستە سەرپشت. لێرەوە بەردی ڕەوتی ئیسلامی لەناو بناغەی دەوڵەتدا جێگەی خۆی کردەوە. کاتێکیش سەردەمی ئۆزاڵ تەواو بو، ئەربەکان موسڵمانی باوەڕداری وەک ڕەوتێکی ئیسلامی سەربەخۆ لە تورکیا هەڵسوڕاندو خستییە ڕیزی پێشەوەی ململانێ لەگەڵ دەوڵەت و هێزی عیلمانی ئەربەکان بە پشتبەستن بە ئیسلامی سیاسی چنگی لە کورسی سەرۆکی حکومەت گیربو. لە بەرامبەردا، هێزو توانای ڕەوتە عەلمانییەکان و یاساو دەستوری عەلمانی ئەتاتورکیی هێشتا ئامادەنەبو بۆ مامەڵە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی، هەربۆیە ئەربەکانیان لە سەرۆکایەتی حکومەت دورخستەوە، بەڵام بەدورکەوتنەوەی ئەربەکان لە سیاسەت و حکومەت، ئیسلامی سیاسی بێئومێد نەکرد. کاتێک عەلمانییەکانی گرفتاری قەیرانی حکومەتی هاوپەیمانی و قەیرانی دارایی بون، لە بەرامبەردا ئیسلامی سیاسی فێری گەمەی سیاسی بو لەگەڵ عەلمانییەکان، بۆیە خۆی ڕێکخستەوە لە سایەی پارتێکی نوێی بە سەرکردایەتی ئەردۆغان توانی بچێتەوە لوتکەی دەسەڵات.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە وێنەی هەڵکشانی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا دەربخات، هاوکات شیکاری بکات بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچونی ململانێی سیاسی لە نێوان عەلمانییەکان و ئیسلامییەکاندا.

توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتوە: تەوەری یەکەم بەناوی ئیسلامی سیاسی لە سایەی حوکمی تورگوت ئۆزاڵدا (١٩٨٣-١٩٩٣)، کە باس لە هۆکارو چۆنیەتی هاتنەپێشی ئیسلامی سیاسی دەکات لەو ماوەیەدا. تەوەری دوەم ناوی ململانێی ئیسلامی سیاسییە لەپێناو دەسەڵات (١٩٩٣-٢٠٠٢) ، کە تیشک خراوەتە سەر ململانێی سەرسەختی نێوان ئیسلامییەکان و عەلمانییەکان لەسەر دەسەڵات، کە تیایدا هەریەکەو تەواوی هێزی خۆیان خستۆتە گەڕ لەپێناو دورخستنەوەی یەکدی لە دەسەڵات. تەوەرەی سێیەم بە ناونیشانی پارتی دادە گەشەپێدان و گرتنەدەستی دەسەڵات (٢٠٠٢-٢٠٠٧)، باس لە پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لەناو حکومەت و گرفتی ئەم ڕەوتە دەکات لەگەڵ سیستەمی عەلمانی دەوڵەتدا.

## تەوەری یەکەم: ئیسلامی سیاسی لە سایەی حوکمی تورگوت ئۆزاڵدا (١٩٨٣-١٩٩٣):

ئیسلامی سیاسیی لە تورکیای نوێدا هەوڵەکانی لەپێناو خۆناساندن وەک ڕوتێکی سیاسی خستبوەگەڕ، هەتاوەکو پێش کودەتای ١٩٨٠، بەڵام لێرە بەدواوە سەرانی ئیسلامی سیاسی لە قۆناغی ناسینەوە هەنگاوەکانیان بەرەو گرتنەدەستی دەسەڵات هەڵدەهێنا. ئیسلامییەکان زۆر بەڕون و ئاشکرا لەناو کایەی سیاسیدا دەناسرانەوە. هەرچەندە ناو و پرۆگرامییان دوربو لە پرۆژەی ئیسلامی، بەڵام هەمو ڕەفتارەکانیان بۆ گێڕانەوەی ئیسلامو


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

کەلتوری ئیسلامی بو بۆناو سیاسەتی تورکی. ئەم هەولانە بەجۆرێک بو، زیاتر لە قۆناغی پێشو ئارەزوی وەرگرتنی دەسەلاتیان دەکرد. سەرانی کودەتا سەربازییەکەی ١٩٨٠، هەمو پارتە سیاسییەکانی بەر لە ١٢ئەیلول ١٩٨٠، هەلوەشاندەوەو دوای سێ سال لە یاساغکردنی کاری حیزبی، یاسای پارتە سیاسییەکانیان پەسەندکرد. لە ماوەی ١٦ی ئایاری ١٩٨٣ هەتاوەکو دەستپێکردنی هەلبژاردن لە ٦ی تشرینی دوەمی ١٩٨٣، نزیکەی پانزدە داوای پێکهێنانی پارت پێشکەشکرا، بەلام بەپێی یاسا نوێیەکە، تەنیا سێ پارت مەرجی یاساییان هەبو (ئەحمەد و مراد، ٢٠١١: ٢٨٣-٢٨٤).

یاسای نوێی پارتە سیاسییەکان بوە مایەی هاتنەپێشەوەی سیاسەتمەدارە گەنجەکان، ئەوانەی پێشتر هیچ چالاکییەکی سیاسییو پەرلەمانتاریان نەبو، هەروەها هیچ لێپرسراویەتییەکی گرنگیان وەرنەگرتبو. پابەندبونە ئایینیەکانی ئەم جۆرە لە سیاسییەکان، کاریگەریی لەسەر بوژاندنەوەی بەهاو کەلتورو ڕێورەسمە ئیسلامییەکانی کۆمەل بەجێهێشت، کە ڕونترو ئاشکراتر لەچاو قۆناغە مێژوییەکانی تورکیای هاوچەرخ دەبینرا (سلطان، ٢٠٠٥: ١٣٣-١٣٤).

پارتی نیشتیمانی دایک (Anavatan Partisi/ANAP) کە ئابوریناسی لیبرال تورگوت ئۆزال لە ٢٠ی ئایاری ١٩٨٣ دایمەزراندبو، لە هەلبژاردنی ٦ی تشرینی دوەمی ١٩٨٣ توانی ٢١١ کورسی کە دەیکردە ڕێژەی ٥٣%ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی، بەدەستبهێنێ و بەتەنیا حکومەتی پێکهێنا (أحمد، ٢٠٠٨: ١٩٧). ئیدی لێرەوە ئۆزال بوە سەرۆکی حکومەت ١٩٨٣- ١٩٨٩ و دواتر بو بە سەرۆک کۆمار ١٩٨٩-١٩٩٣ و ماوەی حوکمەکەی بە سەردەمی ئۆزال لە مێژوی تورکیا تۆمارکراوە، چونکە جیاوازی دروستکرد لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمارداو تورکیای لە قۆناغی دواکەوتوی و داخراوی و پێکدادانی سیاسی گواستەوە بۆ خستەسەر ڕێی پێشکەوتن و کرانەوەو ململانێی سیاسی، لەم نێوەندەشدا سەرجەم ڕەوتە سیاسییەکان سودیان لێبینی، بەلام هیچ لایەنێک هێندەی ئیسلامی سیاسی سودی لە دۆخەکە وەرنەگرت. (Aral, 2001: 72). ئۆزال لەژێر کاریگەریی ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندیی بو، ئەرکە ئایینیەکانی بەجێدەهینا، هەروەها شێوەی کارکردنی پارتی سەلامەتی نیشتیمانی(Milli Selamet Partisi/ M S P) بەدل بو، دەقە ئایینیەکانیشی لە گوتاریی سیاسی و کۆبونەوە جۆراوجۆرەکان بەکاردەهێنا. لەگەل هەمو ئەمانەشدا عەلمانی بو. ئەو ڕو لە ڕۆژئاوا بو، چ لەلایەنی داکۆکیکردن لە عەلمانی، کە پێیوابو دژی ئازادی ئایینیو بیروباوەڕ نییە(جاسم، ٢٠٠٧). لە هەمان کاتدا سەرسامبو بە ئەزمونی ئەمریکاو ئەو سیستمی فرە سیاسیو لیبرالیزمی ئابوریی، کە لەو ولاتە هەبو(Aral, 2001: 72). لێرەوە ئۆزال بیروباوەڕی خۆی تێکەلی ژیانی سیاسی تورکیا کرد.

خودی ئۆزال پرۆژەیەک بو، کە ئاراستەی سیاسی و گەشەی ئابوری و پەیوەندی دەرەکی تورکیای گۆڕی، بەلام ئەوەی تایبەتە بە ئاین و کۆمەلگەو ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لێرەدا گرنگە. ئۆزال هەولیدا هاوسەنگی نێوان ئایین لەگەل دەولەت بپارێزێت(ورغی، ٢٠١٠: ٤٧). ئامانجی سیاسەتی ئاینی ئۆزال، سنوردارکردنی ڕەوتی چەپ بو لە لایەکو ڕێگریکردن بو لە گەشەی ئیسلامی تونڕەو لایەکی دیکەوە، (هلال، ١٩٩٩: ١٩٤،٢٠).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

هەوڵەکانی ئۆزاڵ لەم پێناوەدا لە چەند ڕێکارێکەوە دەستپێکرد لەوانە: لە ئاست مەلاو وتاربێژەکان، ئۆزاڵ ڕێگەی بەکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەی وتاربێژی ئاینی دا (باشاران، ٢٠١٩: ٨٥). پاشان ڕەتیکردەوە دەوڵەت دەستوەردان لە دامەزراندنی پێشنوێژو وتاربێژی مزگەوتەکان بکات و ئەوەشی پەسەندنەکرد کە وتاربێژ ناچار بە وتارێکی دیاریکراو لە ڕۆژی هەینیدا بکرێت(نورالدین، ٢٠٠١: ١٦٤). جێگیرکردنی ژمارەیەک لە باوەڕداری موسڵمان لە نێوەندە فەرمیو حزبییەکان، ڕێگەی لەبەردەم ئەوانەدا خۆشکرد، بۆ ئەوەی بچنە بواری خزمەتی مەدەنییەوە لەسەرجەم فەرمانگەو وەزارەتەکاندا. هاوکات ژمارەی ئەو قوتابخانانەی (پێشنوێژو وتاربێژی) بەهۆی کۆمەکی ئۆزاڵەوە زیاتر بون، بەجۆرێک لە ١٩٩٢ گەیشتە (٤٦٧) قوتابخانە. ئەو پەرەسەندنە بەرچاوە هانی هەزاران لە دەرچوانی ئەو قوتابخانانەی داوە، کە ڕوبکەنە بەشەکانی زانستی سیاسییو کارگێڕی گشتی لە زانکۆ تورکییەکاندا. بەگوێرەی یەکێک لە توێژینەوەکان ڕێژەی ٤٠% قوتابیانی کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەنکەرە، لە ١٩٨٧، لە دەرچوانی قوتابخانەکانی پێشنوێژو وتاربێژی بون (موراد، ٢٠١٥: ٢٦٣،٢٦٤). لە بواری پەروەردەدا، وەزارەتی پەروەردەی ڕاسپارد، کە تیۆری داروینی لەسەرەتایی و ناوەندیی قەدەغە بکات و ڕێگەی دا خوێندکارە کچەکان بەرگی باڵاپۆشی بپۆشن(هلال، ١٩٩٩: ١٥٤،٢٠-١٥٥). لەبواری بانگەوازی ئیسلامیدا، ئۆزاڵ قەدەغەی چالاکی لەسەر ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە تورکیا هەڵگرت، کە کاریان لەناو پەنابەرەکانی لە ئەڵمانیاو بەلجیکا دەکرد(هلال، ١٩٩٩: ١٥٤،٢٠-١٥٥)، هەروەها ڕێگەیدا بە بانگەشەی ئیسلامی لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنو چاپکراوەکان، هەروەها هەمواری یاسای دامەزراوەی ئەوقاف لە ١٩٨٣دا کرد، ئەو یاسایە ڕێبازە ئایینیەکان سودی گەورەیان لێبینی( هلال، ١٩٩٩: ١٥٤).

لە بواری ئابوریدا، ئۆزاڵ مۆڵەتی بە دامەزراندن و کارکردنی بانکی ئیسلامی دا (أحمد، ٢٠٠٦: ٩٤-٩٥)، هەروەها پشتیوانی لە سەرمایەداری ئاینخواز کرد، کە ئەمانە بونەهۆی هاتنە پێشی سەرمایەداری ئایینخواز(باشاران، ٢٠١٩: ٨٥). لەلایەکی دیکەوە کرانەوەی ئابوریی، دەرگای کردەوە لەبەردەم سەرمایەدارانی عەرەب بۆ چونەناو بازاڕی تورکیا. بەمەش دەستەبژێرێکی سەرمایەدار دەرکەوتن، کە جیادەکرانەوە بە کرانەوە بەڕوی ڕۆژئاواو شانازیکردن بە شوناسی ئیسلامیان لە یەک کاتدا(ورغی، ٢٠١٠: ٤٧). هەربۆیە کەرتی ئابوریی ئیسلامی دەرکەوت، کە ڕۆڵی گرنگی بینی لە گەشەسەندنی جوڵانەوەی ئیسلامی لە سەرجەم لایەنەکانی ئابورییو فەرهەنگییو میدیاو فێرکردنو پەروەردەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان(موراد، ٢٠١٥: ٢٦٨).

ئەم جۆرە لە سیاسەت، گۆڕانی بەرپاکرد بەتایبەت لە گەشونمای جوڵانەوەی ئیسلامی. لێرەوە ڕێگە بەرینتر بو بۆ ڕۆچونی ڕەوت و پارتی ئیسلامی بۆ ناو چەقی پرۆسەی سیاسی تورکی کە پەرلەمان و حکومەت بو. هەرچەندە هۆکارگەلێکی ناوخۆییو دەرەکی دیکە لە پشت ئەو گۆڕانەوە هەبون، بەڵام ڕۆڵی ئۆزاڵ و پارتی نیشتیمانی دایک سەرەکی بون، لە کردنەوەی ئاسۆی فراوان لەبەردەم تەوژمی ئیسلامی لە بوارەکانی سیاسەت و ئابوریی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو میدیایی(موراد، ٢٠١٥: ٢٥٢-٢٥٣).

ڕەوتە ئیسلامپەروەرەکان زیاتر خۆیان پیشان دەدا لەوانە: ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندییو بزوتنەوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

فەتحوڵلا گولەن. ئەم ڕەوتانە گۆڕانكارییو گەشەی بەرچاویی بەخۆوە بینی، بەتایبەت دوای ئەوەی دەوڵەت چاودێری بەسەر چالاكییە مەدەنییەكانو قوتابخانە فێركارییەكانو دامەزراوە خێرخوازییەكان كەمكردەوە(ورغي، ٢٠١٠: ٣٥-٣٦). لەپاڵ ئەم ڕەوتانەدا چەند گروپ و ڕێكخراوی ئیسلامی ڕادیكاڵی دەركەوتن، لەوانە ڕێكخراوی دەوڵەتی خەلافەت(Halifek Devleti) بو بە ڕێبەری جەمالەدین كەپلان (Cemal etti Kaplan)، ناوبراو لەسەرەتادا ئەندام بوە لە پارتی سەلامەت و پاشان ڕەفاه( RF/RefahPartisi)، بەڵام لە ١٩٨٣ سەردانی ئێرانی كردو چاوی بە ئایەتوڵلا خومەینی كەوت، ئەم سەردانەشی وێستگەیەكی یەكلاكەرەوە بوە لە ژیانی كەپلان، پاش گەڕانەوەی بۆ توركیا، كەوتە بانگەشەكردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئیسلامی. هێرشی توندی كردەسەر سیستەمی عەلمانی لە توركیاو لە ئەنجامی سیاسەتە توندڕەوەكانی، ڕەگەزنامەی توركی لێسەندرایەوە لە ساڵی ١٩٨٤. ناوبراو دوایی ئەوەی لە ١٩٨٥وە مافی پەنابەریی سیاسی لە ئەڵمانیا بەدەستهێنا، بەردەوامبو لە سیاسەتەكانیو ڕێكخراوی گروپو كۆمەڵە ئیسلامیەكانی( Islami Cemaatler Ve Cemiytler Birliği / ICCB) دامەزراند (نورالدين، ١٩٩٧_ب: ٥٤). كەپلان، بانگەشەی بەرپاكردنی شۆڕشێكی كرد، بۆ دامەزراندنی كۆمارێكی ئیسلامی بەپشت بەستن بە قورئان و شەریعەتی ئیسلامی. بۆ بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕەكانی خۆی لەناو كۆمەڵگەدا، لاسایی خومەینی دەكردەوەو گوتارە تۆماركراوەكانی لەسەر كاسێت بەنهێنی دەگەیشتەوە دەست هەوادارانی (عبدالقادر، ٢٠٠٧)، بیرۆكەی دەوڵەتی ئیسلامی لای كەپلان پەرەیسەندو لە ١٩٨٧دا، ڕویكردە دامەزراندنی ڕێكخراوێكی دیكە بەناوی دەوڵەتی ئەنادۆڵی فیدراڵی ئیسلامی( Anadolu Federe Islam Devleti/ AFID) و خۆی وەک خەلیفە ئەم دەوڵەتە ڕاگەیاندو بەرلینی وا ناساند، كە یەكەم پایتەختە لە جیهاندا كە بالیۆزخانەی دەوڵەتەكەی تێدا دەكاتەوە. پاش مردنی كەپلان لە١٥ی ئایاری١٩٩٥ ڕێكخراوەكە بەرەو لاوازی نەمان چو (نورالدين، ١٩٩٧_ب: ٥٤-٥٥ ؛ عبدالقادر، ٢٠٠٧). یەكێكی دیكە لە ڕێكخراوە ئیسلامییە ڕادیكاڵییەكان، بەرەی جەنگاوەرانی ڕۆژهەڵاتیی ئیسلامی مەزنە (Islam Büyük Doğu Akincilar Cephesi /IBDA-C، كە ساڵح بەگ میرزا ئۆغلو(Salih Mirzabe oğlu)، لە ١٩٨٤ دایمەزراند. ناوبراو پێیوابو (سیستەمی نوێی جیهانی دەبێت لە ڕێگای ئیسلامەوە بێت. ئۆغلۆ فكرەكەكانی بەوە ناوبرد، كە تێكەڵەكەیە لە سۆفیزمی ئیسلامی، ئەفلاتونیزم، هیگلیزم، ماركسیزمو ترۆتسكیزم، هەروەها داوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی جیهانی دەكرد لە توكیا، پاشتر گواستنەوە بۆ قۆناغی دوەم: كە یەكێیتی ئیسلامی بو لە سیستمێكی فیدراڵیدا، هەروەک پێیوابو ڕۆشنبیران باشترینی ئەوكەسانەن، شایستەن ئەو دەوڵەتانە بەڕێوەبەرن(كۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٣: ١٠٥-١١٢). ڕێكخراوەكە چەند تێڕوانینێكی تایبەت بەخۆی هەبو لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی توركیا لەوانە: لە ئاستی ناوخۆدا جەختی لەسەر دادپەروەری، یەكسانی لەبەردەم یاسا، ئازادی، سەقامگیرییو دەستپاكیو یەكسانی دەكردەوەو، لەسیاسەتی دەرەوەشدا ڕەخنەی لە ئامانجی سیاسەتی دەروەی ڕیبازی كەمالیزم گرت كە لەسەر بنەمای (ئاشتی لە نێوخۆو ئاشتی لەدەرەوە) كاری دەكرد، ئەو باوەڕی بەوە هەبو كە، توركیا بەڕوخسارێكی ئیسلامی دەربكەوێتو ڕێبەرایەتی جیهانی ئیسلامی بكات(كۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٣: ١١٣-١١٥).

سیاسەتی كرانەوەی ئۆزاڵ بێ بەرهەم نەبو، ئەوەبو لە تشرینی یەكەمی ١٩٨٧ هەڵبژاردن ئەنجامدرا. شەش



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

پارتی سیاسیی، بەشدارییان کرد(رضوان، ٢٠٠٦: ٢٢٧–٢٢٨). ( Acar, 2019: 39-40 ؛ ورغي، ٢٠١٠: ٤٦). ئۆزاڵ توانی دەنگی ڕێبازە سۆفیگەرییەکانی نەقشبەندی و سلێمانییە، بۆ پارتەکەی بەدەستبهێنێت(برهان الدين، بدون سنة). جگە لە ڕێبازە سۆفیگەرییەکان، بەوپێیەی، زۆرێک لە سەرکردایەتی پارتەکەشی کەسانی پابەندبون بەڕێوڕەسمە ئاینیەکانەوە لەوانە، کازم ئەکسوی، وهبی دینچیرلەیر، یەڵدرم ئاق بلوت، هەربۆیە توانی دەنگی خەڵکانی باوەڕداری موسڵمان بۆ پارتەکەی بەدەستبهێنێت(رضوان، ٢٠٠٦: ٢٣١–٢٣٢).

پشتگیری ئاینپەروەران بێ سەرئێشە نەبو بۆ ئۆزاڵ، بەڵکو پارتەکەی ئۆزاڵی بەشکرد بەسەر دوباڵی ڕکەبەر، یەکەمییان باڵی عەلمانییەکان بە ڕێبەری مەسعود یەڵماز، ئەوی دیکە باڵی ئیسلامگەرا بەڕێبەری محەمەد کۆشی چیللەر. ئۆزاڵ پێوەی دیار بو لایەنگری ئیسلامگەراکان بو(زارع، ١٣٨٧: ١٨١). هەرچەندە ئۆزاڵ هەوڵیدا یەڵدرم ئاقبۆلوت، بۆ سەرۆکی پارتەکە لە جێگەی خۆی دانێت(هلال،١٩٩٩: ١٤٧)، بەڵام باڵی سێکۆلاریزمەکانی ناو پارتەکە باڵی ئیسلامگەراکانی سنورداركردو یەڵمازیان کردە سەرۆکی پارتەکە، هەربۆیە باڵە ئیسلامییەکە بێ ئومێدبون لە پارتەکەیانو بەشێکیان چونەناو پارتی ڕەفاە و هەندێکی دیکە دایانە پاڵ پارتی دیموکرات(زارع، ١٣٨٧: ١٨١). بەمەش ئۆزاڵ سەرۆکایەتی پارتەکەی دۆڕاند، بەڵام لە١٩٨٩دا توانی سەرۆک کۆماری بەدەست بهێنێت و بەردەوام بێت لە سیاسەتی کرانەوە لەسەر ئاستی تورکیا. تایبەت بە ئیسلامگەرەکان، سەردەمی ئۆزاڵ دەناسرێتەوە بەهەڵوێستی گوزارشتکردن لە شوناسی ئیسلامیو زەمینەخۆشکردن بۆ خزینی تێڕوانیینە ئیسلامیەکان بۆ نێو دەزگای بیرۆکراسیەتی دەوڵەت(یاوز، ١٣٩٢: ١١٩–١٢٠).

## تەوەری دوەم: ململانێی ئیسلامی سیاسی لەپێناو دەسەڵات ١٩٩٣-٢٠٠٢:

کۆکردنەوەی بەشێکی زۆر لە موسڵمانان و ئاراستەکردنیان بەرەو سیاسەت و ناوەندی دروستکردنی بڕیار لەسەر دەستی پارتی ڕەفاە بە سەرکردایەتی نەجمەدین ئەربەکان ڕویدا. ئەربەکان توانی بەری ڕەنجی سەردەمی ئۆزاڵ بچنێتەوەو ئیسلامی سیاسی پێگەییو بخاتەناو ڕکەبەری و ململانێ و پێکدادانە سیاسییەکان. گرنگی ماوەی (١٩٩٣–٢٠٠٣) بۆ ئیسلامی سیاسی تورکی لەوەدایە، کە بەشێوەی سەربەخۆو ئاشکراو بێ پەردە لەناو پارتێکی تورکی، کە بە مەکینەی ئیسلامی سیاسی وەردەچەرخان خۆی تاقیکردەوە. لەم تاقیکردنەوەیەدا ڕوبەڕوی سوپاو پارتە عەلمانییەکان و ململانێی پەرلەمانی و لێپێچینەوەی یاسایی و بنەما دەستورییەکان بوەوە، هەمو ئەمانەش بونە ئەزمونێک، کە لە قۆناغی دواتردا ڕەوتەکە سودی لێبینی.

پارتی ڕەفاە لە ١٩ی تەموزی ١٩٨٣ دامەزراو لە هەڵبژاردنی، ١٩٨٣ ڕێژەی ٥% دەنگەکانی بەدەستبهێنێت و توانی وەک پارتێکی ئیسلامی سیاسیی لەگۆڕەپانی سیاسیدا خۆی دەربخات (الجمهاني، ١٩٩٧: ١٥؛ عبدالقادر، ٢٠٠٥: ٧٩). ئیدی لێرەوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ، ساڵ دوای ساڵ، هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن جەماوەی ئەم پارتە ڕو لە هەڵکشان بو، هەتاوکو کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیست. بەرەوپێشچونی ئەم پارتە دەگەڕایەوە بۆ ئەو گۆڕانەی، کە ئۆزاڵ دروستی کرد ئەویش ئاشتکردنەوەی ئایین بو لەگەڵ سیاسەت لە ڕێگەی هێنانە پێشی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

موسڵمانە باوەڕدارەکان بو بۆ ناو سیاسەت و ئابوری تورکیا، هاوکات سودوەرگرتنی ڕەفاه بو لە بەکارهێنانی دروشمی ئیسلامی و کلتورو بیرەوەری عوسمانی، کە هەست و سۆزی شەقامی تورکی لەگەڵ بو، هەروەها دروشمی پارتەکە (سیستمی دادپەروەرانە) بو، کە مەبەستی سود وەرگرتن بو لە شەریعەتی ئیسلامی و بەکارهێنانی گفتوگۆ بو لەبری هێز بۆ گەیشتن بەدەسەڵات (العلاف، ٢٠٠٦ ؛ عبدالقادر، ٢٠٠٥: ٧٩). لەپراکتیکیشدا، پارتی ڕەفاه وەک پارتێکی خێرخوازی و نزیک لە شەقام خۆی دەردەخست بەتایبەت چینی ناوەڕاست و چینی کەم دەرامەت. ڕەفاه لە ڕێگەی هاوکارییە خێرخوازیەکانیەوە، یارمەتی هەژارانی دەدا، هاوکات بایەخی بە چینو توێژە مامناوەندەکانی ناو کۆمەڵگە دەداو جەختی لەسەر کۆمەڵێک بابەتی وەک بێکاریو بیمەی کۆمەڵایەتیو کرێکاران دەکردەوەو زۆر چەمکی (دادی کۆمەڵایەتی) وەک چارەسەری قەیرانە ئابورییەکانی ئەو کاتەی تورکیای بەکاردەهێناو خۆی وەک هاوخەمی خەڵک نیشاندەداو ڕێزی لەکارو ماندوبونیان دەگرت(زارع،١٣٨٧: ٢٠٠-٢٠١). هەمو ئەمانەش لە کاتێکدا بو کە ڕەوتی عەلمانی تورکی، دەستەوسان و مایەپوچ بو لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژییو سیاسیی و ئابوریو جڵەوی ئیدارەدانی دەوڵەتی لەدەستدا بو(کرامر، ٢٠٠١: ١٠٥-١٠٦).

لەکۆتایی هەشتاکاندا، پارتەکەی ئۆزاڵ بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی، بەرەو لاوازیی ڕۆشت. ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٦ی ئازاری ١٩٨٩ ئەو ڕاستیەی سەلماند، کە تیایدا پارتی نیشتیمانی ٢١،٩% دەنگەکانی بەدەستهێنا بەمەش بەپلەی سێیەم دەهات لەدوای هەریەک لە پارتی سۆسیال دیموکرات٢٨،٢% و پارتی ڕێگای ڕاست ٢٦،٥% (احمد، ٢٠٠٠: ٤٤٤؛ زوچەر، ٢٠١١: ٤١٨). پارتی ڕەفاه، ژمارەی دەنگەکانی لەچاو هەڵبژاردنەکانی دیکە پێشکەوتنی پێوە دیاربو کە توانی ٨،٨% دەنگەکان مسۆگەر بکات و پۆستی سەرۆک شارەوانی پێنج شاری بەدەستهێنا، لەگەڵ سەرۆکایەتی(١٠٠) فەرمانگەی شارەوانی(موراد، ٢٠١٥: ٢٥٢،٢٣٤). دواتر لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کرا (بۆزئەرسەلان، ٢٠٠٩: ١٢٢-١٢٣)، پارتی نیشتیمانی دەنگەکانی کەمیکرد، لەهەمانکاتدا پارتی ڕەفاه دەنگەکانی بەڕێژەی (٧%) بەرزبوەوە(رضوان، ٢٠٠٦: ٢٥٥)، هەروەها لە هەڵبژاردنی شاراوانییەکانی تشرینی دوەمی ١٩٩٢، پارتی ڕەفاه جارێکی تر دەنگەکانی هەڵکشاو لە هەندێک ناوچەی ئەستەنبوڵ زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا(نورالدین، ١٩٩٧_أ: ٥٧). دواتر لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٧ی ئازاری ١٩٩٤، سەرکەوتنی بە پلەی سێیەم، لە دوای هەریەک لە پارتی ڕێگای ڕاست، پارتی نیشتیمانی، بەدەستهێنا، بەڕێژەی ١٩،١% و لە کۆی (٧٦) پارێزگا توانی پۆستی سەرۆکی شارەوانی لە (٢٩) پارێزگا بباتەوە لە نێویاندا شارە گەورەکانی ئەستەنبوڵو ئەنکەرەبون، لەگەڵ سەرۆکایەتی(٤٠٠) فەرمانگەی شارەوانی لە شارو شارۆچکە جیاوازەکاندا(ورغي، ٢٠١٠: ٤٩). لێرەوە، ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنانە، پارتی ڕەفای دڵنیاکردەوە کە لەسەر ڕێڕەوی چونە ناو چەقی ململانێدایە لە پێناو دەسەڵات و شەقامی تورکی دوای چەندین دەیە خۆی ئامادەکرد بۆ جۆرە حوکمێک کە لەلایەن ئاینپەروەرە موسڵمانەکان بەڕێوەببرێت.

وێستگەی پێشبینیکراوی تورکیا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٤ی کانونی یەکەمی ١٩٩٥ بو، کە تیایدا ڕەفاه سەرکەوت بەسەر تەواوی پارتەکانی دیکەدا(ورغي، ٢٠١٠: ٤٩) و ڕێژەی ٢١،٤% دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەمە بوە خاوەنی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

(١٥٨) کورسی لە کۆی(٥٥٠) کورسی پەرلەمانی. ئەم دەرکەوتن و سەرکەوتنەی پارتێکی ئیسلامی وەک ڕەفاه، تایبەتمەندی خۆی هەبو لەسەر تەواوی ژیانی تاکی تورکیا، چونکە قۆرخکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی، لەلایەن دەستەبژێری عەلمانی کەمالی، کۆتاییهات(یاوز، ١٣٩٢: ٣١٠). ئەمە لە یەک کاتدا مژدەو زەنگی ترسناک بو. مژدە بو بۆ ئیسلامییەکان، بە بەڵگەی ئەوەی لەو کاتەدا، چەند کاسێتێکی سەربە بزاڤی(دەوڵەتی خەلافەت) بڵاوبوە، کە داوای شۆڕشێکی ئیسلامی دەکرد لەناو تورکیادا. ئەمە تەنها کاسێتێک نەبو، بەڵکو هەندێک لە بیرمەندە ئیسلامییەکانی نزیک لە ئەربەکان پێیانوابو بیرکردنەوە لە ئاینی ئیسلام بەبێ دەوڵەت و سیاسەت نابێت، دەبێت لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات، لەلایەن پارتێکی ئیسلامیەوە شەریعەتی ئیسلامی پراکتیک بکرێت. هاوکات زەنگی مەترسی بو بۆ شەقام و عەلمانیە دۆڕاوەکانی هەڵبژاردن، هەربۆیە هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، مەترسی دەسەڵاتی ئیسلامی لە دەوڵەتێکی خاوەن مێژوی عەلمانی وەک تورکیا وروژاند. لەم نێوەندەدا ئەربەکان خۆی بەدورگرت لە خستنەڕوی هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆی لەمەڕ پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی و ڕونیکردەوە، کە پارتەکەی پارتی برایەتی ئاشتی و خۆشەویستییە(نورالدین، ١٩٩٧_أ: ٥٩)، بەڵام سەرکەوتنەکانی پارتی ڕەفاه، هێزە عەلمانییەکان و شەقامی ڕامکراو بە عەلمانی هێور نەکردەوە، کە تورکیا لە مێژوی خۆیدا کەوتۆتە نێو وەرچەرخانێکی فرە مەترسیدار، کە لە جڵەوکردنی دەسەڵات لەلایەن ئیسلامییەکان، خۆی دەبینییەوە(کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٣: ١٨٣-١٨٤). ئەم پرس و ترسە لە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت بەدیارکەوت. هەرچەندە ڕەفاه براوەی هەڵبژاردنەکان بو، بەڵام لە توانایدا نەبو بێ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا، حکومەت پێکبهێنێت. لێرەدا ترس لە ئیسلامی کەوتە کار. بەپێی ڕێوڕەسمی دەستوریی، ئەربەکان لەلایەن سولەیمان دیمیریل سەرۆک کۆمار (١٩٩٣-٢٠٠٠) لە ٩ی کانونی دوەمی ١٩٩٦ ڕاسپێدرا بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەربەکان هەوڵەکانی چڕکردەوە لەپێناو پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی لەگەڵ مەسعود یەڵمازی سەرۆکی پارتی نیشتیمانی دایک (موراد، ٢٠١٥: ٣٦١)، بەڵام ئەربەکان سەرکەوتو نەبو لەڕازیکردنی یەڵماز، (کرامر، ٢٠٠١: ٥٧). چونکە ترس لە ئیسلامی سیاسی لە لوتکەی دەسەڵاتدا بو، دامەزراوەی سەربازیی و یەکێتی پیشەسازان و پیاوانی تورک (TÜSAD) و دو دامەزراوەی میدیایی(صباح) و (دۆغان) خستەسەر هێڵی فشار، هەتاوکو یەڵمازو تانسۆ چیللەر ڕێکبخەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی(یاوز، ١٣٩٢: ٣٤٠-٣٤١). پاش دو مانگ لە وتوێژو گفتوگۆ لە ٢١ی ئازاری١٩٩٦، حکومەتێکی هاوپەیمانی بەسەرۆکایەتی یەڵماز پێکهات (رضوان، ٢٠٠٦: ٢٦٥).

ئەربەکان لەو ماوەیەدا، لە گەمەی سیاسی خۆی نەوەستا. لەلایەک زیاتر خۆی لە مەیدانی سیاسدا نواند بە بەدەستهێنانی ڕێژەی ٣٣،٦% لە هەڵبژاردنی شارەوانی ٣ی حوزەیرانی ١٩٩٦(رضوان، ٢٠٠٦: ٢٦٥) کە ئیدی نەدەکرا ڕەفاه لە دەرەوەی بازنەی حکومەت بێت. لە لایەکی تر ئەربەکان زۆر لێزانانە بۆشایی و ناکۆکی نێوان پارتەکەی چیلەرو یەڵمازی زۆرتر کرد. کاتێک پارتەکەی ئەربەکان لە پەرلەمان داوای لێپێچینەوەی کرد لە پرسی گەندەڵی لە حکومەتەکەی چیلەر (١٩٩٣-١٩٩٥)، پارتەکەی یەڵماز پشگیری داواکەیان کرد، لەبەرامبەردا چیللەر لە حکومەتی یەڵماز کشایەوەو بەمەش حکومەتە هاوپەیمایەکە دوای چوار مانگ کۆتایی هات لە ٦ی حوزیرانی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

١٩٩٦ (زوچەر،٢٠١١: ٣٣٦).

دوبارەو جارێکی تر، سەرەی ئەربەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت هات. ئەربەکان و چیللەر ڕێکەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمان لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٩٦، بڕیاردرا دو ساڵی یەکەم، ئەربەکان سەرۆک وەزیران بێتو دو ساڵی دواتر بۆ چیللەر بگوازرێتەوە. ئەم ڕوداوە وەک بومەلەرزەیەکی ڕاستەقینە بو بۆ دەستەبژێری سێکۆلاریزم، کە تورکیای هاوچەرخ لە ١٩٢٣وە نمونەی وای بەخۆیەوە نەبینی بو(الطحان، ٢٠٠٧: ٣٣٩ ؛ ورغي ، ٢٠١٠: ٤٩).

لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتدا، دامەزراوەی سەربازیی بەوردی چاودێری حکومەتی کردو پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی، بەمەترسی دادەنا لەسەر بنەماکانی کۆمارو سیستمی عەلمانی. لەم ڕووەوە سەرۆکایەتی ئەرکان، یەکەیەکی تایبەتی دامەزراند بۆ چاودێریکردنی پەرەسەندنەکان و ناونرا گروپی کاری ڕۆژئاوا (باکیر واخرون، ٢٠٠٩: ٧٤). ئەم یەکەیە، کۆمەڵێک بیروڕای گەلاڵەکرد، کە ئامانجی سنوردانان بو بۆ گەشەی ئیسلامییەکان و بنەبڕکردنی سەرچاوەی پەرەسەندنی ڕەوتی ئیسلامی. لەسەر ئەو بنەمایە، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ماوەی نۆ کاتژمێر کۆبونەوەیەکی گرێدا لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧. ئەنجامەکەی ڕاسپاردەیەکی ١٨ خاڵی بو بۆ حکومەت (عبدالجليل،٢٠١٣: ٧٤). کە لە گرنگترینیان: سەپاندنی چاودێری بەسەر ڕادیۆو تۆڕی تەلەفزیۆنی ئیسلامیەکاندا، ڕێگرتن لە پۆشینی هەر جل و بەرگێک دژ بێت لەگەڵ یاساکانی دەوڵەت، ڕێگەگرتن لە بانگەشەکردن بۆ جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی، سەپاندنی ڕێوشوێن بۆ دزەکردنی ئیسلامی ڕادیکاڵی بۆ ناودامەزراوەکانی دەوڵەت (غزالي، ٢٠٠٧: ٢٠-٢١).

ڕاسپاردەکان وەک (نیمچە کودەتا)یەک بو دژەی پەرەسەندنو زیندوکردنەوەی پەیوەندی نیوان ئایینو سیاسەت لە تورکیا ڕاقەی بۆ کرا. ئەربەکانیش بۆ مانەوەی زیاتر لە دەسەڵات، ڕەزامەندی لەسەر ڕاسپاردەکان دەربڕی. ڕەزامەندی ئەربەکان بە ڕاسپاردەکان، سەرەتای ئەنجامدانی کودەتا بو بەسەر حکومەت، چونکە دەزگای سەربازی کردە گەورەو چاودێری حکومەتی مەدەنی (محفوض، ٢٠٠٨: ٥٥). سوپا بە ڕەزامەندی ئەربەکان لەسەر ڕاسپاردەکان نەوەستا، بەڵکو لە کۆبونەوەی مانگانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی لە ٢٦ی نیسان، داوا لە ئەربەکان کرا ڕێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بگرێتەبەر. زیاتر لەوەش، سوپا لە٢٩ی نیساندا (ستراتیژی سەربازیی نەتەوەیی/ Mili Askeri Strateji)، ڕاگەیاندو بەگوێرەی ئەم ستراتیژییە، جوڵانەوەی ئیسلامی بەمەترسی یەکەم هەژمارکرا لەسەر ئاستی ئاسایشی نەتەوەی تورکیا دواتر کێشەی کورد و پاشان پەیوەندییەکانی تورکیاو یۆنان بە کێشەی دوەم و سێهەم دانرا. ئەربەکان بەناچاری کەوتە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی ٢٨ی شوبات. ئەوە بو هێزەکانی پۆلیس هێرشیانکردە سەر هەندێک لە قوتابخانەو پەیمانگاکانی (پێشنوێژییو وتاربێژیی) بەبیانوی ئەوەی، کە مۆڵەتی فەرمییان نییە. ئەمە کاردانەوەی ئیسلامیەکانی لێکەوتەوەو لە ١١ی ئایاری ١٩٩٧ نزیکەی (٣٠٠) هەزار کەس ڕژانە سەر شەقام و تیایدا دروشمی (پەیمانگاکانی پێشنوێژیی و وتاربێژیی دامەخەن) بەرزکرایەوە. لەنێو خۆپیشاندەرانیشدا پەرلەمانتارو ئەندامی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

پارتی ڕەفاه و کۆمەڵو ڕێکخراوە ئیسلامیەکان دەبینران(یاوز، ١٣٩٢: ٣٤٨-٣٤٩). ئەمە وایکرد ئەربەکان نەتوانێت لە حکومەتداریی بەردەوام بێت و دواجار بەناچاری لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٩٧ دەستی لەکارکێشایەوە(رضوان، ٢٠٠٦: ٢٧٤). بەدوایدا حکومەتی نوێی تورکیا بە سەرۆکایەتی یەڵماز پێکهات و یەڵماز دەستبەجێ ڕێکاری گرتە بەر بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧. لەم کارەشدا سوپا تەواو پشگیری کرد. سەرەتا وەزارەتی داد پرۆژە یاسایەکی ئامادەکرد، سزای یاسایی هەر خۆپیشاندەرێک دەدرێت، کە داوای شەریعەتی ئیسلامی بکات (هلال،١٩٩٩: ٢١١). دواتر لە ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٩٨ پارتی ڕەفاه هەڵوەشێنرایەوەو ئەربەکانو هەندێک لە ڕێبەرانی پارتەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاری سیاسییان لێ قەدەغەکرا(محفوض، ٢٠٠٨: ٥٥).

ئەربەکان ئامانجی هاتەدی دی بەوەی، کە ئیسلامی سیاسی بخاتە لوتکەی دەسەڵات، بەڵام نەیتوانی بەرگری لە مانەوەی بکات لە دەسەڵاتدا. هەر بۆیە ئیسلامی سیاسی هەروا بە ئاسانی خۆی ڕادەستی سوپاو دەسەڵات نەکرد، بەڵکو ئەوەی بەرامبەر ئەربەکان کرا، وەک ستەمێک لێکدرایەوەو جەماوەری ئیسلامی سیاسی و سیاسەتمەدارانی ئیسلامی سیاسی هەریەکەو بەجۆرێک کەوتنە خۆ لەپێناو مانەوە و وەرگرتنی دەسەڵات.

جەماوەری ئیسلامی سیاسی خۆپیشاندانو نارەزایەتیان دەستپێکرد لە دژی ڕێکارەکانی حکومەت. ئەوەبو لە ئەستەنبوڵ خۆپیشاندان دەستپێکردەوە و بەهۆیەوە پێکدادان ڕویدا لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس کە تیایدا ژمارەیەک لە هەردولا برینداربون و بەسەدان ئیسلامی دەستگیرکران. دوای ١٢ ڕۆژ پۆلیس هێرشیکردە سەر نوێژخۆێنانی مزگەوتی صالح ئەبی ئەیوب ئەنصاری، پێکدادان لە نێوانیاندا ڕویداو مزگەوتەکە بوە گۆرەپانی خۆپیشاندانی ئیسلامییەکان دژ بە ڕاسپاردەکانی ١٨ی شوبات بەتایبەت قەدەغەکردنی باڵاپۆشی(هلال،١٩٩٩: ٢١٢).

هەرچی سیاسەتمەداری ئیسلامی بو، بە سەرکردایەتی پارێزەر (ئیسماعیل ئەلبەتەکین)، پارتێکی دیکەیان لە١٩٩٧دا بە ناوی فەزیلەت(Fazılet Partisi/FP) دامەزراند، کە بەشداریی هەڵبژاردنە گشتییەکەی ١٨ی نیسانی ١٩٩٩دا کردو، ڕێژەی ١٥،٥% دەنگەکانی بەدەستهێنا، بە پلەی سێیەم دەهات لە دوای هەریەک لە پارتی چەپی دیموکرات(DSP)، پارتی بزوتنەوەی نەتەوەی (MHP) (یاوڤوز، ٢٠١٧: ١٤١ ؛ الطحان، ٢٠٠٧ : ٣٨٤). دواتر پارتی فەزیلەت لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی هەمان ساڵ، ڕێژەی ٢٤% دەنگەکانی بەدەستهێناو توانی سەرۆکی شارەوانی زۆرێک لە شارە گەورەکانی وەک ئەنقەرەو ئەستەنبوڵ بۆ خۆی بەرێت(رضوان، ٢٠٠٦: ٢٣١). ئەم سەرکەوتنانەی پارتی فەزیلەت دەگەرێتەوە بۆ پەند وەرگرتن لە ئەزمونەکانی پێشو. پارتی فەزیلەت بڕیاریدابو خۆی وەک دژی عەلمانیەت و سیستمی کەمالی پیشان نەداتو سوپا لە خۆی نەوروژێنێت. سەرۆکی پارتەکە ڕایگەیاند، کە دەشێ سوپا لەڕوی یاساییەوە مافی هەبێت دەستوەربداتە کاروبارە مەدەنییەکان(یاوڤوز، ٢٠١٧: ١٣٨-١٤٤).

ئیدی لێرەوە دو ڕاستی بۆ هەریەک لە ئیسلامیەکان و عەلمانییەکان دەرکەوتن. ئیسلامییەکان گەشتنە ئەو باوەڕەی، کە بۆ ئەوەی سیاسەت بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەنجامبدەن و بتوانن کورسی حوکم وەربگرن، پێویستە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

بنەماکانی کەمالی و عەلمانی تێپەڕنەکەن بەتایبەت لە پرسی تێکەڵکردنی شەریعەت لەگەڵ دەوڵەتدا. هاوکات بۆ عەلمانیەکان ئەوەپشت ڕاست بوەوە کە ئیسلامی سیاسی لە سەرکردەیەکی وەک ئەربەکان و لە حیزبێکی سیاسی وەک ڕەفاە زیاترەو ڕێکارو یاساکانی حکومەت و سوپا ئەستەمە بەر بە وروژمی ئەم ڕەوتە نوێیەی تورکیا بگرێت.

## تەوەری سێیەم: پارتی دادوگەشەپێدان (ئاکەپە) (Adalet ve Kalkı nma Partisi /AKP)و گرتنەدەستی دەسەڵات ٢٠٠٢-٢٠٠٧:

ئیسلامی سیاسی دەسەڵات دەگرێتەدەست. ئەم قۆناغە بەوە دەناسرێتەوە، کە ئیسلامی سیاسی هێندە بەهێزبوە لە تورکیا، بەجۆرێک هێزە عەلمانییەکان بەجێدەهێڵێت و دەستکراوە دەبێت لە کاری ئەنجامدانی پلانی خۆسەلماندن بۆ گەلی تورکیا، کە ئیسلامییەکان دەتوانن سەردەمێکی نوێ بێننە کایەوە. بەڵام گرفتی سەرەکی ئەم ڕەوتە لە پەرلەماندا نەبو، چونکە زۆرینەی پەرلەمانی بێ ڕکەبەربون، بەڵکو گرفتەکە لەگەڵ ڕێساو یاساو دەستوری عەلمانیی و سوپای کەمالیی بو. کاڵای دەزگای دەوڵەت بە باڵای هێزە عەلمانییەکان دورا بو لەکاتێکدا کاڵای دەوڵەت بۆ باڵای ئەم هێزە ئیسلامیە کێشە بو. خۆگونجاندنی ئیسلامییەکان لەگەڵ دەوڵەتی عەلمانی بو بەپرسێک و ماوەی (٢٠٠٢-٢٠٠٧) سەرەتای ئەو مشتومڕەیە، کە داخۆ ئیسلامی و دیموکراسی و عەلمانی و سوپا، پێکەوە چۆن لە یەک قاڵبدا جێگەیان دەبێتەوە.

لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠١ دادگای دەستوری پارتی فەزیلەتی قەدەغەکرد(زوچەر، ٢٠١١: ٤٤٤). پاش قوڵبونەوەی ناکۆکی ناوخۆی پارتی فەزیلەت دو گروپی لێجیابونەوە، هەریەکەیان پارتێکی سەربەخۆیان دامەزراند. گروپی یەکەم بە سەرکردایەتی ڕەجائی کوتان و بە فەرمانی ئەربەکان لە تەموزی ٢٠٠١، پارتی سەعادەتی( Saedet Partisi/ SP)دامەزراند. لەبەرئەوەی زۆربەی لیبڕاڵەکان پارتەکەیان جێهێشت، پارتی سەعادەت، گوتارە ئیسلامیە کۆنەکەی زیندوکردەوە(یاوڤوز، ٢٠١٧: ١٤٨-١٤٩)، هەرچی گروپی دوەم بو بەسەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، لە ١٤ی ئابی ٢٠٠١ (ئاکەپە)ی دامەزراند و بوە (٣٩)هەمین پارت لە تورکیا.

ئەردۆغان گەورەترین کێشەیەک، کە هەیبو، کێشەی تۆمەتبارکردنی بو بەوەی پارتێکی تەواو ئیسلامییە. چونکە ئەو لەناو ئەزمونی ئەربەکانەوە سەری دەرکردبو، بۆیە نەیدەویست نمونەی ئەربەکان هەم لە سیاسەتی حزبەکەو هەم لە مامەڵەی لەگەڵ دەوڵەت زیندو بکاتەوە، ئەمەش لەپێناو مانەوەی زیاتر لە دەسەڵات. هەربۆیە لەسەرەتاوە ئەردۆغان ئەوەی خستەڕو، پارتەکەی میراتگری پارتێکی ئیسلامی نییە ئەوەندەی میراتگری پارتی دیموکراتە بە سەرکردایەتی عەدنان مندریس(١٩٥٠-١٩٦٠) و دەستپێکی جموجوڵی جەماوەریشی لەسەر مەزاری کەمال ئەتاتورک دەستپێکرد، وەک ئاماژەیەک بو بۆ کارکردن لە سنوری عەلمانیەت و ڕێبازی کەمالیدا(الطحان، ٢٠٠٧: ٣٩٩-٤٠٠١).

تێڕوانینی ئەردۆغان بۆ ئیسلامو پراکتیزەکردنی لەناو حکومەتەکەیدا بە بەراورد بە ئەربەکان جیاوازبو، ئەربەکان


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

زیاتر بە ئیسلامی وەسف دەكراو ئەردۆغان زیاتر وێنایەكی نەتەوەی بو، بەو پێییەی ئەربەكان لە شوناسێكی ئاینیو ژینگەیەكی ئیسلامییەوە هاتبو، زیاتر كاریگەربو بە خیلافەتی ئیسلامی، بەڵام ئەردۆغان باوەڕی بە توركیا هەبو وەک دەوڵەت. ئەربەكان و پارتەكەی نوێنەرایەتی ئیسلامی سیاسیان دەكرد، بەڵام ئەردۆغان هەوڵی دەدا لە ڕێگەی دیموكراسیو بە سودوەرگرتن لە ئیسلام، هەستو سۆزی جەماوەر بۆ پلان و دەسەڵاتی خۆی ڕابكێشێت(علي، ٢٠١٣: ٤٣ ؛ یاوۆز،٢٠١٧: ٢٣٦-٢٣٧). ئەم جیاوازیی و دورکەوتنەوەیەی نێوان ئەربەكان و ئەردۆغان، تەنیا گوزارشت نەبو لە ململانێی نەوەكان، بەڵكو پەیوەستبو بەئەزمونی دەسەڵاتەوە. دەستلەكاركێشانەوەی ئەربەكان لەژێر فشاری سوپا لە ١٩٩٧، كارێكی كرد، كە لە ڕیزی ئیسلامی سیاسیدا نزیكبونەوەیەكی نوێ بۆ چەمكەكانی دیموكراسی و عەلمانی و مافی مرۆڤ بێتەكایەوە بە تایبەت لای ئەردۆغانو هاوڕێكانی، كە ئەزمونیان لە شكستی ڕێبەری مێژویان وەرگرتو خۆیان كردە لایەنگری دیموكراسی و لیبراڵی(نوفل،٢٠١٠ : ٦٦-٦٧).

ئەردۆغان كاتێک وەک سەرۆكی پارتەكە هەڵبژێرا ئەو بنەمایانەی ژمارد، كە ئاكەپە بەرگریی لێدەكات لەوانە: بنەمای كۆماری یەكگرتو پشتبەستو بە عەلمانیەت و دیموكراسی، مافەكانی كۆمەڵگە، یەكسانی هەلی كار، پەیوەندی باش لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتانی جیهان، بە تایبەتیكردنی كەرتی گشتی. ئەردۆغان زۆر بە ڕونی ئەوەی دركاند، كە عەلمانیەت خۆی دەبینییەوە لەوەی دەوڵەت بێلایەن بێت بەرامبەر بە بیروباوەڕكان، بەم شێوەیەش گرەنتی دیموكراسییەت دەكات. هەرچی تایبەت بو بە ئیسلامی بونی پارتەكە، ئەوا ئەردۆغان وەک پارتێكی كۆنەپارێزی دیموكراتیخواز خۆی ناساند. ئەردۆغان ئەوەشی نەشاردەوە، كە حزبەكەی عەلمانیەت پەسەند دەكات، هاوكات دژایەتی ئایین ناكات، پشتگیری لە ڕەوتی میانڕەوی ئیسلامگەرا دەكات، كە دیموكراسیو لیبراڵی ئابوریی پێكەوە دەنێت. لەهەمان كاتدا پشتگیری بەردەوامبونی پەیوەندییە تایبەتەكانی توركیا لەگەڵ ڕۆژئاوا دەكاتو لەگەڵ ئەوەدایە وڵاتەكەی ببێتە ئەندام لە یەكێتی ئەوروپا(سلطان،٢٠٠٥: ١٤٢-١٤٣).

پێكهاتەی ئاكەپە بریتیبو لە كۆكەرەوەی سێ تەوژمی جۆراوجۆر. تەوژمە بەهێزەكەیان لەو كەسانە پێكدەهات، كە لە پارتەكەی ئەربەكان جیابوبونەوەو خاوەن باوەڕی ئیسلامی سیاسی بون بە تەواوەتی. تەوژمی دوەم، ناسیۆنالیستەكان بون، سێهەمیشیان عەلمانییەكان بون. ئەوەی ئەم سێ تەوژمە كۆكردەوە، ماڵئاوایكردن بو لە نەوەی كایەی سیاسی حەفتاو هەشتاو نەوەدەكانی سەدەی پێشو، نەک بە تەنیا كەسایەتییەكان، بەڵكو قەیران و ئایدۆلۆجیاو ڕكەبەری و خوێنڕشتنی نەبڕاوە، لە بەرامبەریشدا هەڵدانەوەی پەڕیەكی نوێ لەژیانی توركیای هاوچەرخ (الطحان، ٢٠٠٧: ٤٠٠-٤٠١).

ئاكەپە لە هەڵبژاردنەكانی٣ی تشرینی دوەمی ٢٠٠٢ ڕێژەی ٣٤،٢٦% دەنگەكانو لە كۆی ١٨ پارتی بەشداربوی هەڵبژاردنەكان پلەی یەكەمی بەدەستهێنا، توانی (٣٦٣) (یاوۆز،٢٠١٧: ١٥٨)، كورسی لە كۆی (٥٥٠) كورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت بەمە توانی بەتەنیا حكومەت پێبهێنێت، بەمەش سەردەمی حكومەتی هاوپەیمانی شكستخواردو كۆتاییان هات(یاوز، ١٣٩٢: ١٤١ ؛ الطحان، ٢٠٠٧: ٤٠٦). ئەم سەركەوتنەی ئیسلامی سیاسی لەو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

کاتەدا بە شۆڕشێکی بێدەنگو بومەلەرزەیەکی سیاسی دەچو کە گۆڕانی سیاسی وکۆمەڵایەتیو ئایدۆلۆژیایی حوکمڕانی و فەلسەفەی ئابوریی بەدوای خۆیدا هێنا (علي، ٢٠١٣: ٣٧ ؛ سلطان،٢٠٠٥ : ١٤٢-١٤٣).

سەرکەوتنی ئاکەپە چاودێرە ڕۆژئاواییەکانی خستە سەر هێڵی ڕاڤەو وایکرد ئەم پارتە بەزۆر چەمکی جیاواز وێنا بکەن وەک ڕێکخراوی (ئیسلامی میانڕەو)، (پارتی لیبراڵی)، هەروەها (پارتی ئوسوڵی توندڕەو)، (موسڵمانی چەپڕەو)، تێکرای ئەم چەمکانە بۆ دیاریکردنی شوناسی سیاسیو ئایدۆلۆژیای ئاکەپە بەکارهات لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە (کراولي، ٢٠٢٠: ٩٦). لەلایەکی دیکەوە توێژەرانی ناو تورکیاش، پارتە ئیسلامییەکەیان بە نوێنەری گوتاری ئیسلامی تورکی لە قەڵەمدا، کە لە ١٨٩٠وە ئەم گوتارە لەپەرەسەندنا بوە (ورغي، ٢٠١٠: ٥٧).

هۆکارەکانی پشت سەرکەوتنەکانی ئاکەپە دەگەڕایەوە بۆ گوتاری سیاسی نوێگەریو پراکتیکی، کە وایکرد ڕەوتە پێشکەوتوخوازەکانی ناو کۆمەڵ بەڕوی ئەم پارتەدا کراوە بن. ئاکەپە سەرکەوتو بو لە گوتاری عەقڵانیو پراکتیکی سیاسەتێکی هێمن و ڕون، ئەمە وای لێکردبو وەک پارتێکی میانڕەوی کراوە دەرکەوێت(مجموعة من المؤلفين، ٢٠١٤: ١١٥-١١٦). بەڵام توێژەری ئیسلامی سیاسی هاکان یاوز لەبارەی سەرکەوتنی ئیسلامییەکان ڕایەکی دیکەمان پێدەڵێت و پێیوایە: (دەنگدەرانی تورکی وا ڕاهاتبون بۆ سزادانی ڕابردو دەنگییان دەدا، نەک بۆ حوکمکردنی ئایندە). ئاکەپە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ زیاتر ئەنجامێک بو بۆ بڕیاری دەنگدەران بە سزادانو تەنانەت لەناوبردنی ئەو سیستمی حزبایەتییە گەندەڵەی هەبو، وەک لەوەی دەنگدان بێت بۆ ئاکەپە و سەرۆکەکەی. هەر بۆیە دەنگدەران سەرزەنشتی پارتەکانی حکومەتە ئیتیلافیەکانی پێشتریان کردو، لەنێوشیاندا پارتی ڕێگای ڕاست لەسەر کودەتاکەی ١٩٩٧، هەربۆیە دەنگەکانی ئەم پارتە بۆ ٢٢% لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٩ بۆ ١،٢% لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ دابەزی. هەروەها گەلی تورکیا بەهیوای ڕزگاربونی وڵات لەو ڕەوشەی تێیدابو بۆ گەڕانەوەی هیواو ڕزگاربون لە سەرکردەی ئەو پارتە سیاسییانەی لە ئارادابون هۆکاری سەرەکی بون بۆ دەنگدان بە گۆڕان، لەبەرئەوە زۆربەی دەنگدەران (ئاکەپەی) وەک پارتێکی نوێو دەموچاوی نوێ وخاوەن کەسایەتی بەهێز دەبینی، کە بتوانێ لە ڕێگەی چارەسەرکردنی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابورییە ئاڵۆزەکەوە هیواکانی خەڵک ببوژێنێتەوە وێڕای ئەوەی سەرکردایەتی پارتەکە بو بە هێما بۆ ئەو دەنگدەرانەی تورکیا، کە دەموچاوێکی نوێو ڕێگەیەکی نوێی سیاسەتکردنییان دەویست(یاوڤوز، ٢٠١٧: ١٥٥-١٥٦).

دوای ئەوەی ئاکەپە لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٢دا بردییەوە، حکومەتی پێکهێناو ئەردۆغان لە ١٢ی ئازاری ٢٠٠٣ سەرۆکایەتی حکومەتەکەی کرد(کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٣: ٢٣٥) ئاکەپە لە ئاستی سیاسەتی دەرەکیدا، هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ بون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، کە ئەمەش پێویستی بەچاکسازی قوڵ و فراوان بو لە سیستمی ئابورییو سیاسییو سەربازیدا. ئەم هەوڵە دەرکی لەسەر ئەردۆغان خستە سەرپشت، کە خۆی بهاوێتە ناو دەستکاریکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، کە بەلای خۆیانەوە شۆڕشی دوەمە لە دوای شۆڕشی ئەتاتورک لە تورکیا(حسن، ٢٠١٣: ١٠٣).

پارتە ئیسلامیەکە بایەخی بەلایەنەکانی دیکەی ئابورییو کۆمەڵایەتی پەروەردەو خوێندن دەداو سێ ساڵی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

یەکەمی ئاکەپە، وەک شۆڕشێکی بێدەنگ وێنا کرا. خودی ئەردۆغان پرۆژەکانی خۆی وەک شۆڕشێک، کە سەرجەم بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن، تەندروستی، دادگا، ئاسایش، ڕێگاوبان و نیشتەجێکردنو کشتوکاڵ، دەگرتەوە. نمونەکەشیان کردنەوەی (٦٠) هەزار هۆڵی خوێندن بو لەسەرتاسەری تورکیا، هەتاوەکو کۆتایی ٢٠٠٦. قوتابخانەکانیش سەرجەمیان پەیوەست کرابو بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە(عبدالحميد، ٢٠١٢ : ١٢٩)..

هێزە عەلمانییەکان لەبەرامبەر مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتەکەی ئەردۆگان بون بە دو ئاڕاستە، ئاڕاستەی یەکەم پێداگربو لە پێویستی بەرنگاربونەوەی ئەم حکومەتە بەوپێیەی درێژکراوەی جوڵانەوەی ئیسلامی باوەو لەژێر عەباکەی ئەربەکانو هەردو پارتەکەی فەزیلەتو ڕەفاهدا هاتوتە دەرێ، بەڵام ئاڕاستەکەی دیکە پێیوابو کاتی ئەوە هاتوە لەپێناو مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکان، پەڕەیەکی نوێ لە ململانێی سیاسی هەڵبدرێتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ نزیکبونەوەی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، کە داوا لە ئەنقەرە دەکات پتر دیموکراسیی بێت و سنورێک دابنێت بۆ ڕۆڵی سوپا لە ژیانی سیاسییدا. لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە، ئاکەپە بە ئاڕاستەیەکی ئیسلامی کۆنەپارێزیو میانڕەو دەبینن، کە توانیویەتی سەرنجی ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکاو تەنانەت ئیسرائیل بەلای خۆیدا ڕابکێشێت (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٣: ٢٣٦٠٢٤١).

ئیدی لەپاڵ پرۆژە هەمەلایەنەکانی ئەردۆغان لە بواری سیاسی و ئابوری و پەیوەندییە دەرەکیەکاندا، ورد ورد کاری لەسەر بەهێزکردنی بیروباوەڕی ئیسلامیانەی کۆمەڵ کرد. ئەم هەوڵانە جارێکیتر یادەوەری ئەزمونی ئەربەکانی لە حکومەتداریدا وەبیر ئەردۆغان و پارتەکەی هێنایەوە. بەرگی دەوڵەتی ئەتاتورکی یان تەنگ یان بەرین بو بەباڵای پارتێکی ئیسلامی و ئەردۆغان و پارتەکەی دەیاننالآند بەدەست چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمی ئەتاتورکیدا. لە بەرامبەردا هێز عەلمانییەکان و دەوڵەت و سوپا لە ململانێی سەرسەختانەدا بون تا ڕوخساری کۆمار هەر بە عەلمانی ئەتاتورکی بمێنێتەوە.

یەکێک لەو پرسانە، کە جێگەی مشتومڕبو، پرسی پارەدانی دەوڵەت بو بە قوتابخانە تایبەتییەکان. هەرچەندە بونی قوتابخانە تایبەتییە ئیسلامییەکان لە تورکیا ڕێگەپێدراو نەبو، بەڵام وەزارەتی پەروەردە پرۆژە یاسایەکی گەڵاڵەکرد کە تایبەت بو بە خەرجکردنی کرێی خوێندن بۆ(١٠) هەزار منداڵ لە خێزانە هەژارەکانی ناو ئەم قوتابخانانە. ئەم هاوکارییەی حکومەت (٤١٥) قوتابخانەی تایبەتی دەگرتەوە کە (٨٩) یان لەلایەن ئیسلامییەکانەوە بەڕێوەدەبران. هێزە عەلمانییەکان بە پشتوانی سەرۆک کۆمار ئەحمەد نەجدەت سیزەر (٢٠٠٠-٢٠٠٧) سەرکەوتو بون لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە (کورو، ٢٠١٢: ٢٨٢-٢٨٣).

ئەردۆغان و پارتەکەی کەوتنە وەگەڕخستنی هەوڵێکی دیکە ئەویش، لە ئایاری ٢٠٠٤دا، پرۆژە یاسایەکی تێپەڕاند بۆ نەهێشتنی سەرجەمی ئەو بەربەستانەی پاش کودەتای ١٩٩٧ سەپێنرابون، هەوڵیدا قوتابخانەکانی (پێشنوێژی و وتاربێژان)، باشتر بکات و بەو پێیە دەرچوانی ئەو قوتابخانانە ڕێگەیان پێدرا، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زانکۆکانەوە بکەن. سەرۆک کۆمار یاساکەی ڤیتۆکرد بە پاساوی ئەوەی بنەماکانی عەلمانی پێشێل دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئەنجومەنی دەوڵەت ئەو یاسایەی تایبەت بو بە زیادکردنی وانەی قورئان لە سێ ڕۆژەوە بۆ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

پێنج ڕۆژ هەڵوەشاندەوە، هەروەک پۆلیس کەوتە چاودێریکردنی ئەو بارەگا قورئانییانەی بە نافەرمی کراونەتەوە دەستیکرد بە هەڵەتی لەناکاو بۆ سەرییان دەستگیرکردنو سزادانیان(یاوڤوز، ٢٠١٧: ٣٠٥–٣٠٧، ٢٩١–٢٩٨).

هەروەک پرسی سەرپۆشی ئافرەتان یەک دیکە لەو پرسانە بو کە هاتە بەر باس و خواسی حکومەت و دەوڵەت. لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا دەوڵەت پاڵپشتی لە حوکمی ژمارە ٦ی دادگای ئیدارەی ئەنقەرە کرد، بەوەی پارێزگاری ئەنقەرە داوای مامۆستایەکی بەناوی ئایتاچ کیلینچ بۆ پۆستی بەڕێوبەری قوتابخانە پەسەند نەکرد، بە پاساوی ئەوەی لە ڕێگەی چونو گەڕانەوەی لە قوتابخانە سەرپۆشی پۆشیوە. ئەردۆغان سەرکۆنەی بڕیارەکەی کرد(یاوڤوز، ٢٠١٧: ٢٩٥).

هەوڵی ئیسلامی سیاسی بۆ دەسەڵاتی زیاتر لە حکومەتداو هەوڵی عەلمانی بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتی دەوڵەت چیتر لەناو کۆشکەکاندا نەمایەوە ململانێی ئەم دوانە چوە سەرشەقام. کاتێک یەک لە پیاوە دیارەکانی داکۆکیکەر لە عەلمانیەت بە ناوی یوجەک ئوزبیلین لە ئەنقەرە کوژرا، گەورە بەرپرسانی قەزاییو سەرۆک کۆمار، پرسی سەرپۆشیان بە یەکێک لە هۆکاری کوژرانەکە دانا. ڕێوڕەسمی ناشتنی ئوزبیلین گۆڕا بۆ خۆپیشاندانی عەلمانییەکان لە دژی حکومەت و بە دەیان هەزار کەس ڕژانە شەقامەکانو دروشمی (تورکیا عەلمانیەو هەربە عەلمانی دەمێنێتەوە)، (بڕوخێ شەریعە، مەلاکان بچن بۆ ئێران) بەرزکرایەوەو ئاڵای نیشتیمانو وێنەی ئەتاتورکیان بەرزدەکردەوە. پاش دەستگیرکردنی بکوژەکە ڕون بوەوە هەندێک گروپی ڕاستڕەوی ئایینی لەپشت هێرشەکەوە بون(یاوڤوز، ٢٠١٧: ٢٩٥).

سەرەڕای ململانێیو ناکۆکی ناوبەناوی نێوان عەلمانی بەرهەڵستکارو ئیسلامی حکومەت، بەڵام ئەردۆغان بەردەوام ڕەتیکردەوە پارتێکی ئیسلامی بێت، بەڵکو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، پارتێکە زۆربەی دەستەبژێری کۆنەپاریز دەگرێتەخۆ هاوکات پەیرەوی لە سیاسەتێکی نوێخوازو هاوچەرخانە دەکات بۆ وڵات، هەربۆیە ئەم پارتە لە زۆربەی ئەو بابەتانەی کە عەلمانیەکان دەیانوروژاند خۆی لادەدا(ورغی، ٢٠١٠: ٥٦).

فریادڕەسی ئیسلامی سیاسی بۆ مانەوە لە دەسەڵات، چاکسازیی و پرۆژەی ئابوری بو کە لەو بوارەدا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا بو، هەربۆیە ئەمە یارمەتیدەربو بۆ بەرزبونەوەی ڕێژەی دەنگەکانی ئاکەپە، لە ٣٤% بۆ ٤٦% لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٧. ئیدی ئەمە دوبارە بومەلەرزەیەکی سیاسی بو سەبارەت بە عەلمانییەکان، کە لە ئاست ئیسلامی سیاسیدا تەواو دەستبەستراو بون و بێ توانابون لە لەقاڵبدانی ئەو ئیسلامی سیاسی لە گۆڕەپانی تورکیادا(ورغی، ٢٠١٠: ٥١–٥٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

## ئەنجام :

- بەگرتنەبەری سیاسەتی کرانەوەی دەوڵەت لەلایەن تورگوت ئۆزاڵەوە لە ماوەی (١٩٩٣-١٩٨٣)، تورکیا گۆڕانێکی هەمە لایەنی بەخۆوە بینی. یەک لەو گۆڕانکاریە، هاتنەپێشی موسڵمانەکان بو بۆ ڕیزی سەرجەم کایە سیاسی و ئابوری پەروەردەو فێرکارییەکانی کۆمەڵ. هەر ئەم موسڵمانانە توانیان سەرکەوتنی پارتەکەی ئۆزاڵ بۆ دو هەڵبژاردنی یەک لەدوای یەک مسۆگەر بکەن.

- موسڵمانەکان سودیان بە ئۆزاڵ و پارتەکەی گەیاند، بەڵام ململانێکانی ئیسلامی و عەلمانی ناو پارتەکەو مردنی ئۆزال، بە قازانجی ئەربەکان و پارتی ڕەفاه کۆتایی هات، کە توانی ئاراستەی موسڵمان بکات لەناو ڕەوتێکی ئیسلامی سیاسدا، کە ئامانجی بێ پێچ و پەنا ئیسلامیانە بو. جارێکی تر ئیسلامی سیاسی سەرکردەو پارتێکی تری خستە لوتکەی دەسەڵات، بەڵام هێزی عەلمانی ناو تورکیا هێشتا برستی ئەوەی تیامابو، کە ڕێگر بێت لەبەردەم بونی حکومەتێکی ئیسلامی سیاسی لە دەوڵەتێکی عەلمانیداو، هەربۆیە ئەربەکان و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی خرانە دەرەوەی حکومەت.

- گەڕێکی گێمێکی دیکەی گەمەی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا دەستیپێکرد بە دامەزراندنی ئاکەپە بە سەرکردایەتی ئەردۆغان. ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ڕواڵەتدا عەلمانی و ڕێبازی کەمالی دەوڵەتی پەسەند کرد بەڵام لە ڕەفتاردا کاری بۆ پتەوکردنی پێگەی ئیسلامێکی نەتەوەیی تورکی دەکرد. کۆمەڵگەی تورکیا بۆ دەربازبون لە قەیرنە چەقبەستوەکانی پێش ئەردۆغان، سیاسەتی نوێی ئەم سەرکردەو پارتە نوێیەی لا پەسەند بو، هەربۆیە متمانەی بە ئەردۆغان و پارتەکەی بەخشیەوە بۆ هەڵبژاردنەکان لە داهاتودا. عەلمانییەکانیش وەک پاڵەوانێکی بریندار لە گۆڕەپانی سیاسیدا کەوتون، بەڵام هێشتا خۆیان بە دۆڕاو نازانن و چاوەڕوانی هەڵسانەوەن لە دژی ئیسلامی سیاسی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

# Development of Political Islam in Turkey(1983-2007)

**Hersh Abdullah Hamakrim[1] - Shaima Saeed Hamlaw[2]**

[1+2] Department of History, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Political Islam in Turkey is a vital and profound issue for the Islamic world and the Western world. In this study, we return to the era of Ozal, in which political Islam came to the fore in politics and power. Then, after this era, political Islam entered into a political, legal, and parliamentary war with the state and the army. Although they did not win the war, they made use of it as an experience. At the beginning of the twenty-first century, they managed to enter the arena of competition with a new program, a new party, and a new leader. They have proven their self again in the modern history of Turkey. What is meant by this study is that political Islam in Turkey has been gradually entrenched at every stage, and they have also managed to reach the pinnacle of power by taking advantage of Turkish democracy and secularism. On the other hand, despite the failure of the secular trend in this struggle with political Islam, there is still a shadow of the Kemalist regime and the secular regime over Turkey, which gave them the strength to continue its struggle with the Islamists.

**Key words:** Political Islam, Secularism, Ozal, Arbakan, Erdogan.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4**

## سەرچاوەكان:

صدم، فادي محمود صبري(٢٠١٢م): المعارضة السياسية في تركيا (الاسلاميون نموذجا)، في فترة ١٩٩٦م -٢٠٠٧، رسالة ماجستر مقدمة لكلية الاداب في دراسات الشرق الاوسط، جامعة الازهر – غزة.

Acar, Cihan(2019): Political Islamism in Turkey and its Effects on Turkish Politics Between 1923-2018, Masters thesis, Graduate School of Soclal Sciences International Relationns Program, Near East University, lefkoşa.

أحمد، د.ابراهيم خليل(٢٠٠٨): پارتە سیاسیەکان لە تورکیا، وەرگیراوە لە د.ابراهیم خلیل أحمد ئەوانی دیکە: تورکیای هاوچەرخ، و. سامان مستەفا ڕەشید، چاپی یەکەم، سلێمانی.

ئەحمەد، د.ئیبراهیم خەلیل ، مراد، د. خەلیل عەلی(٢٠١١): مێژوی ئێرانو تورکیا (توێژینەوەیەک لە مێژوی تازەو هاوچەرخ)، و. بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

بۆزئەرسەلان، حەمید(٢٠٠٩): مێژوی تورکیای هاوچەرخ، و.نەجاتی عبدالله، چ١، چاپخانەی ئاراس.

زوچەر، ئێریک جەی(٢٠١١): مێژوی هاوچەرخی تورکیا، و: دکتۆر.یاسین سەردەشتیی، چ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

کۆمەڵێک نوسەر(٢٠١٣): گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی لە تورکیا١٩٤٦-٢٠١٢، و. بەرزان مەلا تەها، چ١، چاپخانەی کارۆ.

موراد، د. خەلیل عەلی(٢٠١٥): پاسەوانانی کەمالیزم، هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی بەرامبەر بە ئیسلامو بزاوتی ئیسلامی لە تورکیا ١٩٥٠-١٩٩٧، و. بەرزانی مەلا تەهاو د. سەلام عەبدولکەریم، چاپخانەی پەنجەرە، تاران.

یاوڤوز، م. هاکان(٢٠١٧): سیکۆلاریزمو دیموکراسی ئیسلامی لە تورکیا، و. عومەر عەلی غەفور، چ٣، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

احمد، فيروز(٢٠٠٠): صنع تركيا الحديثة، ت د. سليمان داود الواسطى د. حمدي حميد الدوري، بغداد.

أحمد، ياسر (٢٠٠٦): تركيا البحث عن مستقبل، القاهرة.

الجمهاني، يوسف ابراهيم(١٩٩٧): حزب الرفاه- أربكان الاسلام السياسي الجديد( الرهان على السلطة) ط١.

الصالح، منال(٢٠١٢): نجم الدين اربكان ودوره في السياسة التركية ١٩٦٩-١٩٩٧، ط١.

الطحان، مصطفي محمد(٢٠٠٧): تركيا التى عرفت ... من السلطان ... الى نجم الدين أ ربكان ١٨٤٢-٢٠٠٦م،ط١، يوليو.

باشاران، ازغي(٢٠١٩): تركيا والنزاع على الشرق الآوسط، ت. عماد شيحة، ط١، دار الساقي.

باكير، علي حسين واخرون(٢٠٠٩): تركيا بين تحديات الداخل ورهانات الخارج، ط١، اشراف مركز الجزيرة للدراسات تحرير، محمد عبد العاطى، الدار العربية للعلوم ناشرون.

جلال ورغي: الحركة الاسلامية التركية معالم التجربة وحدود المنوال فى العالم العربى، ط١، ٢٠١٠.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

حسن، كمال عبدالله(٢٠١٣): استراتيجية تركيا في الشرق الاوسط بعد احداث ١١ ايلول ٢٠٠١، السليمانية.

عبدالجليل، د. طارق(٢٠١٣): العسكر والدستور في تركيا من القبضة الحديدية. الى دستور بلا عسكر، ط٢،.

عبدالحميد، صلاح(٢٠١٢): رجب طيب أردوغان، ط ١، مكتبة جزيرة الورد،.

علي، د. عثمان(٢٠١٣): حزب العدالة والتنمية في تركيا والمسالة الكردية ، ط١، مطبعة منار..

غزالي، عبدالحليم (٢٠٠٧): الاسلاميون الجدد والعلمانية الاصولية في تركيا: ضلال الثورة الصامتة، ط١، القاهرة، مكتبة الشرق الدولية.

كرامر، هاينتس(٢٠٠١): تركيا المتغيرة تبحث عن ثوب جديد، ت فاضل جتكر، ط١،.

كراولي، نعيمة(٢٠٢٠): الإسلام السياسي بين الخطاب العقائدي و رهان السلطة مع التركيز على تونس، ط١، مركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية و الاقتصادية والسياسية، برلين.

كورو، احمد ت.( ٢٠١٢): العلمانية وسياسات الدولة تجاه الدين الولاية المتحدة ، فرنسا، تركيا، ت. ندى السيد، الشبكة العربية للابحاث والنشر، بيروت –لبنان ، الطبعة الاولى ، بيروت.

مجموعة من المؤلفين(٢٠١٤): حركات الاسلام السياسي والسلطة في العالم العربي: الصعود والأفول، ط١، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية.

نورالدين ، محمد(٢٠٠١): حجاب وحراب الكمالية وأزمات الهوية في تركيا، ط١، رياض الريس الكتب والنشر.

نورالدين، محمد(١٩٩٧–أ): تركيا في الزمن المتحول(قلق الهوىة و صراع الخيارات)، ط ١، رياض.

نورالدين، محمد(١٩٩٧–ب): قبعة وعمامة مدخل الى الحركات الاسلامية في تركيا ، ط١، دار النهار للنشر، بيروت.

نوفل، ميشال(٢٠١٠): عودة تركيا الى الشرق الاتجاهات الجديدة للسياسة التركية، ط١، دار العربية للعلوم ناشرون.

هلال، رضا(١٩٩٩): السيف ولهلال تركيا من اتاتورك الى اربكان الصراع بين المؤسسة العسكرية ولآسلام السياسى، ط١.

هوفسبيان، نوبار وآخرون(١٩٨٥): تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكرى، ط١، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت.

زارع، محمد رضا(١٣٨٧) : علل رشد اسلام گرایی در تركيه، وايرستار مرتضى قديرى، چ٢، تهران.

ياوز، م.هاكان (١٣٩٢): هويت سياسى اسلامى در تركيەی معاصر، ت: ازاد حاجى اقاى، نشر اشاره، تهران.

برهان الدين، عصمت(بدون سنة):د. عصمت برهان الدين: الطريقة السليمانية (سليمانجيلر) في تركيا المعاصرة، دراسات اقليمية ،٥، ١١، مركز للدراسات الاقليمية،: https://regs.mosuljournals.com/article_30402_89b8b16c5e565bbfa7db0b2f3b532d3a.pdf, ٨ی شوباتی ٢٠٢١.

جاسم، أفراح ناثر(٢٠٠٧): توركوت أوزال ومشروع العثمانية الجديدة، دراسات اقليمية، السنة ٣، العدد ٦، كانون الثانى.

سلطان، نوال عبدالجبار(٢٠٠٥): رؤية مستقبلية للمواجهة بين العلمانية ولاسلام في تركيا،دراسات أقليمية ، السنة ٢، العدد ٤، كانون الاول.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4

عبدالقادر، د. عصمت برهان الدين(٢٠٠٥): تطور الظاهرة الدنية– السياسة في تركيا المعاصرة، دراسات اقليمية السنة ٢ العدد ٤ ، كانون الاول.

عبدالقادر، د.عصمت برهان الدين(٢٠٠٧): منظمة دولة الخلافة في تركيا، دراسات اقليمية، السنة٣، العدد ٦، كانون الثاني.

محفوض، د. عقيل سعيد(٢٠٠٨): جدليات المجتمع والدولة في تركيا المؤسسة العسكرية والسياسة العامة، ط١، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتجية.

Aral, Berdal(2001): Dispensing with Tradition?: Turkish Politics and international Society During the özal Decade 1983-1993, Middli Estern Studies, Vol37,No1, January,.

Margulies, Roonie and Yildizoğlu, Ergin(1988): the political uses of Islam in TURKEY (Middle East Report), No153,Islam and the state ,Julay august.

د. ابراهيم خليل العلاف: خارطة الحركات الاسلامية في تركيا المعاصر، تاريخ النشر ٩/ ١/ ٢٠٠٦.

https://pulpit.alwatanvoice.com/articles/2006/01/09/34756.html ٢٤ی٤ی٢٠٢٠.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper4**